بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، کە ئەمڕۆ سەدام حسێن و دارودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بەتۆمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە. هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەلێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆیە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەلێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

***1-دادگایی باڵای تاوانەکانی ئێراق تا چەند پیوەرو گونجاوە بۆ دادگای کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.***

**نیگار نادر**: بەبێ گومان ئەو گەرەلاوژە سیاسیەی لە ئیراقدا سەری هەڵداوە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە سیستەمی دادگایکردنەکەوە و تەواوی ئەو کۆدانەی پێی بەڕێوەدەچن.
بەر لەهەر پرسێک بوونی دادگای تاوانەکان و ئەنجامدانی یەکەمین دانیشتنی بە دادگایکردنی گەورەترین دیکتاتۆر لە بارودۆخی ئێستای ئێراقدا کارێکی ئاسایی نییە و جیاوازییەکی زۆری هەیە دەگەڵ ئەو دادگا باڵایانەی تاوانباریان بەتۆمەتی تاوانباری جەنگ یان بنبڕکردنی رەگەزی لێ دادگایی کراوە، بۆ نمونە داداگایکردنی میلۆشڤێچ دانیشتنەکان و بەڕێوەبردنیان. بەر لەهەر شتێک ئەگەر بەوردی سەرنج لەهۆڵی دادگایەکە بدەین ڕاست دەبینین کە هۆڵەکە بە هۆڵێک دەچێ کە بە ریمۆدکۆنترۆلێک بەڕێوەدەچێ و سەرپەرشتی دەکرێ و هەموو جوڵە و دەنگ و دیکۆرەکانی ئاسایی نین، وەک دەبینین دانانی کامێرایەکان و بڕینی هەندێک دیمەن و یا مۆنتاژ کردنی نیشان نەدانی پارێزەرو داواکاری گشتی لە زۆر لەو کاتانەی کە گفتوگۆ دەکەن یا پرسیار دەکەن یا پچرانی دەنگ و هەڵەی زمانەوانی لەکاتی وەرگێرانێ دا کە تیکڕاییان پەیوەندیان بە یاسایی دادگایی کردن هەیە و بە پشتگوێخستنێیان دادگایکردنەکە تژی دەبێ لە کەموکوڕی یاسایی.
هەروەها ئەو جەدوەلەی لە یەکەم دانیشتن ڕا کاری پێکراوە و پێشکەوتنی ڕووداوی دوجێل بە ڕووداو و کارەساتی ئەنفال و درێژەکێشانی دانیشتنەکان بۆماوەی چەندمانگێک بەو ڕووداوەو نانەوەی زنجیرەیەک ئاژاوەو و پێشهاتی سیاسی لەو دەمەیدا هەموو جێی لەسەر ڕاوەستانێن.
بەهەموو مانایان ئەنفال قڕکردن وبنەبڕکردنی ڕەگەزی لەو دادگایاییەدا هێندەی هەست بە گچکەکردنەوە و بە هەند وەرنەگرتنی دەکرێ هێندە کار بۆ چەسپاندنی وەکو تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی و نەتەوەیەک ناکرێ و دادگایەکە بە ئەنقەست خەمساردی دەکا لەئاست ئەو تاوانەدا و بەشێوازگەلێکی سیاسی شلەژاویەک لەناو هۆڵی دادگادا

دەنێتەوە، ئەگەرنا بۆ سەدام ئەوە سێهەم دانیشتنە لە هۆڵەکە دەردەکرێتە دەرێ، ئەگەرچی جارانی پێشوو گەلێک زیادەرۆیی دەکردو ڕێی پیدەدرا زۆر قسەبکا کە لە روویی یاساییەوە گرنگ نەبوون .
پاشان ئەنجامدانی دادگایی کردنەکە لەناو ئێراقدا لەجیی خۆ نییە یا دەبوو لە لاهایی بووایە یا لە سەر خاکی کوردستان، چونکە پێکهاتەی ئێستایی ئێراق کاریگەری راسەوخۆی هەیە بەسەر پرۆسەی دادگایکردنەکە و رەهەندەکانی. ئێراق ئەورۆ بە قۆناخێکدا دەڕوا کە خودان سکراکتۆرێکی سیاسی ناکامڵ و نەچەسپەیووە و هەموو بڕیارە سیاسی و یاساییەکانەشی دەرئەنجام و دەرهاویشتەی ئەو ئەزموونەن. چونکە ئێراقێک هەشتا ساڵ بەرێی کۆمەڵگەیەکی پەستێنراو و چەپێنراو و تژی لە حوکمڕانی دیکتاتۆر وململانیی رەگەزپەرستی و هاووڵاتیانی تژی و پەروەردە بوو بە ئەخلاقیاتی دیکتاتۆری، هەتا ئەو یاسادانەرانەی کەیاسای ئێراقیان نوسیووە زۆربەیان بەدەرنەبوون لەو ئەخلاقیاتە و تا ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری هاوولاتیانی هەمان تێروانینیان هەیە لەسەر نەتەوەی کورد. لەبۆیە وەها سانا نییە رێک پاش سێ ساڵان دیکتاتۆرێکی سی ساڵە بێنیە ناو ئەو کۆ دام ودەزگایە و پێی دادگایی بکەی.

2 **پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەل خواستی جەماوەری کوردوستان و سکالای زیان لێکەوتوان؟**

نیگار: ئەگەر بەوردی ڕۆبچینە ناو بنەوانی دادگایکردنەکە دەبینین هێندە مەتەڵ ئامێزە و مەرامگەلێکی لەپشتەوەن لەبۆ ئامانجێک رێکخراوە دەشێ بێژم زۆر دوورە لەوەی تراژیدیا و تاوانی ئەنفالی وەکو تاوانێکی پلە یەک بچەسپێ.
من هیندە لەوە نیگەرانم کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تووشی گەورەترین دڵشکان ببن و تێکڕایی هیو او خواستەکانیان ئەنفال بکرێن. چونکە من وا دەبینم بەتەنها قەرەبۆی ماڵی بەس نییە بۆ ئەو قوربانیانە،
زیانی ئەنفال هێندە گەورەیە کە بە قەرەبوگەلێک چارەنابێ و پەیوەستی بە ویژدانی نەتەوەیەکەوە هەیە. ئەو تەرزە دادگایە مەودایەکی بەرینی هەیە دەگەڵ خودان سکاڵایەکان و کۆستکەوتوانی ئەنفالێ و ئەوچاوەروانییەی هەیانبوو لەبۆ دادگایکردنی سەدام و بکەران و یارمەتیدەرانی ئەو تاوانە کە هەمویانی تووشی حەپەسان و شۆک کردوە، هەروەها گوزەرانی پرۆسەی دادگاییەکە بە شێوازیکی سست و خاو بەرێوەدەچێ کە گەلێک جێگای دڵساردی یە.
ڕێخستنی سکاڵایەکان و ئامادەکردنی شایەدحاڵان کەموکورتییەکی گەورەی پێوەدیارە، ئەگەر ئەو وردەکارییانە بەزوترین کات چارەسەر نەکرێ زەرەرێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو دادگایە لەبۆ کورد هەلێکی گەورە بوو ئەگەر بەبەرنامەیەکی تۆکمە کاری بۆ کرابا و ڕاوێژی کادیری پسپۆری بۆ وەرگیرابا، وەکو نووسەری بەریتانی( جۆناثان ڕاندل ) لەدیمانەیەکیدا دەڵێ: کە ئەنفال چی

لەهۆلۆکۆست کەمتر نییە بەڵام کوردەکان هێزی جولەکەکانیان نییەو بێهێزن و دەبێ وریابن.
لەڕوویەکی دیکەوە ئەگەر بەراوردی دادگایەکە بکەین لەگەل بوونی ئەو کۆمەڵە تاوانە گەورەیە، جیاوازیەکی گەورە دەبینین لەهەموو ئالیەتەکانیدا. دەبوو شایەدحاڵەکان بەشێوەیەکی پسپۆڕانە هەلبژێردرابان، چونکە مرۆ هەیە زۆر بە تراژیدی ژیاوە لێ ناتوانێ دوو ڕستە بێژێ کە کاریگە رو ڕەوان بێ و ڕاستی پێوە دیاربێ و جەسورانە وەڵامان بداتەوە ، چونکە لەیاسادا پیتیش مانا دەهێنێتە گۆرینێ ، هەروەها پێویست بوو پارێزەرەکان لە تۆپ پارەزەرانی کورد بوونایە و بە پسپۆری و ئەزموون دەبووایە دەسەڵاتی سیاسی بە بڕیار و بۆچوونی تایبەت بۆ ئەو دادگاییەی ڕاسپاردبان.

3.ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی کوردی چۆن دابینن؟ ئەتوانن چ بگۆرن لە رەهەندی دادگاییەکە؟

نیگار: بۆمن جێی سەرسورمانێ یە کە ئێوە دەبێژن شەقامی کوردی، جا چ جێیی ڕەخنە و سەرنجی لەسەر ئەو پرسانە، بەدەر لەو هەوڵ و پەلەقاژەیە کزەی رەوەندی کورد لە ریی هەندەک ڕێکخراو و سایتەکانەوە دەیدا و تاووتوێی دەکا،
بەڕایی من ئێستا کورد لە مڕ ترین قۆناخی ژیانیدایە، هەموو ژیانی بە تەمێک داپۆشراوە و تووشی دارمانیکی گەورە هاتووە. زۆر دور نەرۆین ئەو شەقامە کوردیەی دەیلێن ئێستا هەموو جاش و ئەنفالچیەکانی لەباوەشی خۆیدا پاراستووە و چۆن ئەوانەی فایلیان لێ ئاشکرا بوو پاراستنی و مۆڵگەی دان هەر ئەو شەقامەیە کە بێویژدانی تا سەر ئێسقانی هاتووە. ئەو شەقامە دەیان ساڵە کەس کاری ئەنفالکراوەکان لە تەنیشتی لەبرسان دەمردن و پەراوێزی ژیان دەکرێن پێی ئاسایی بوەو ویژدانی نەجوڵاوە، لەبۆیە دەڵێم کورد لە قوڵایی ویژدانی خۆی ڕا کەمتەرخەمە، بەرامبەری ئەنفال تا ئێستا ئەو تاوانە گەورەیە وەکی خۆ و لە ئەخلاقیات و ویژدانیدا ڕەگی دانەکوتاوە و نایهەژێنێ، دەنا دەبووایە لەو رۆژانەی کە دادگایی لەسەر ئەنفال بەرێوەدەچێ، زوومی مێدیای جیهانی لەسەر کوردوستان لا نەکەوتبا و دیمەنگەلێکی سەرسورهێنی بۆ جیهان پەخش کردبا!
هەر هێندە دەڵێم کە وڕی و بێئاگایی شەقامی کوردی هەڵەیەکی مێژوویە لەو دەمەیدا کە سەنتەر و ڕێکخراوو دامەزراو وەک گەڵایی داران داباریوون و بە هەموو لایاندا پارە دەچننەوە هۆ باڵی ئەو کۆسکەوتوانەی پاش ئەنفالیان لە ملییە، هەروەها ئەو دەستەوسانییەی مێدیای کورد زۆر خەمهێنەرە. چونکە دەبووایە مێدیای کورد سیاسەتی تایبەتی خۆی هەبایە بۆ پەخشی ئەو دادگایی کردنە

4.بۆچی چۆنیەتی بریاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە؟

**نیگار**: کردەی ئەنفال و بڕیاردانی وەک جینۆساید بۆ کورد نەک هەر گرنگە پێداوەستییەکی مێژوویی ئەو قۆناخەشە. دەبێ ئەنفال وەکوو هۆلۆکۆست بێتە پێناسەکردن، لەبەر ئەوەی کێشە لەوەی دانییە کە سەدام و دار و دەستەکەی بکەری ئەوتاوانە بوون، بەڵکو کیشەکە لەوەدایە کە سەدام نموونەیەکە لە ئەخلاقیاتی شۆفێنی، جا ئەگەر ناوەکان بگۆردرێن دەشێ ئێستا چەندین سەدامی دی هەبن هەمان تێروانینی قڕکردنیان بۆ نەتەوەی کورد لە هزردا هەبێ، هەر رۆژیک هەلیان بۆیان برەخسێ دووبارە و چەند بارەی ئەنفال بکەنەوە. بۆ نەتەوەی کورد چ ناگۆرێ لەسەردەمی شای ئێراندا یا ئێستە، یا لەسەردەمی ئەتاتورک دا یا ئێستە.
لێرەوە کورد دەبێ هۆشیارتر و ژیرتر مامەڵە لەگەل ئەنفال و بنبڕکردنی نەتەوەیی خۆی بکا، ژ بەر هەندێ بە ڕای من ئەنفال بۆ کورد لە پراکتیک و ئەجندا دا هەیە لێ بە میکانیزمی دی و بە ڕووی شێوازی دی.
ئەگەر کورد زۆر زیرەکانە کارەساتی هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفال بە جینۆساید نەچەسپێنێ، جارێکی دی ئەو هەلەی وە دەست ناکەوێتەوە و کارتێکی نێودەڵەتیش لەدەستت دەدا بۆ ناساندن و پێناس کردنی نەتەوەیی.

نیگار نادر
هەولێر/2006/09/26